# گەردەلولی مەرگ

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



عبدالرحمن شیوەن

١٩٩٤

# سوپاس نامە

سوپاس بۆ تۆ
ئەی زمانە خۆڕاگرەکەی من
وام دەزانی
ئەم شەو
نهێنیەکانم شەنەبا دەکەی
هەر بۆ پەیامیش ملی تەمەنم
بەپەتی سێدارە ئاشنا دەکەی
خەڵاتی شەهیدیم پێ دەبەخشی

* * * *

سوپاس بۆ تۆش
لێوەکانم
دەترسام
ئەم شەوتۆش
پشتی ملی ووشەی نهێنیەکانم دەگریت
ئاوارەو وێڵو دەربەدەریان دەکەیت
پێڵوی چاوەکانم
دەخەیتە باوەش یەك

بەندیخانە ١٩٧٤

## زووحاك

گەر زووحاك زیندووبێتەوە
منیش کاوەم
بەرووی داهە لدەچمەوە
خۆ بەفرنیم بەتۆزێ
باران
بتوێمەوە
هەرگیز شۆڕە بیش نیم
کرنوش ببەم و
بنوشتێمـەوە
ئەم جارە هاتوم
رەگ دادەکوتم ناگەڕێمەوە

بەهاری ١٩٩١ هـــەولێـــر

دەتویست
ئەم شەوگارە کۆتایی بێ
مل ملانێت بوو
لەگەڵ رۆژگار
لە خەمەکانی من دەدوای
لە سەر شانی
مردن
ئاڵای ئازادیت هەڵکرد بوو
بۆ ئەوەی
رەشماڵی
رۆژگار بپیچرێتەوە تا
جارێکی تر
لە سەر خاکی کوردستاندا
شوێن و جێگای نەبیتەوە
پێش برکانێت بوو لەگەڵ رۆژگاردا
زۆری نەمابوو

خەمەکانی من
کەلەبچە بکـــەی

کۆشك و قەڵای

ئەم رۆژگارە بروخێنی
بەڵام مەرگ
رێی پێ گرتی
بە پەنجەی ئەجەل
چاوی تەمەنتی
دەرهینا
هەنگاوەکانت شل بوون ...شل بوون
تا جوانە مەرگ بوون
بە هەزاران پینووس
گریا

ووشە
هەلسایە سەر پی
لە هاوکە روی‌دا
پەنجەم لە سەر تەلی خەمەکانم
کەوتە سەما
خەمیکی نوی لە دایك بوو
خەرمانی بەختەوەری من
ئاگری گرت ...ئاگری گرت ئاگر
خوزگەم

بو بەفری ئەم کوردستانەو
هیدی هیدی دەتوایەوە
شەپولی دلتەنگی وماتەمینی
وولاتی داگیر کرد
بە سەدان
شیعر لە دایك بوو
قەدو بالای ووشەکان خەمیان لی
هەلدەقولا بوە پارچەیەك هەورو
ئاسمانی ئەم
کوردستانەی داگیر کردو
بەری خوری گرت
کوچی تو کوچیکی ناوەخت بوو
لە روژگاریکی
سەخت بوو
منت بە کی سپاردووە
تا خوزگەکانم لە گریان
ژیر کاتەوە
ووتەکانت
لە گویچکەم دەزرنگیتەوە
دەت ووت
ئازادی نایەتە خواری
دەبی مروف بوی سەرکەوی ٠

هەولیر /١٩٧٩

## داربەڕوو

تەور بە دەستێکی زۆردار
کەوتە گیانی
داربەڕووبەکی کۆنە ساڵە
هەموو گیانی زامدار کرد
ویستی
ڕەگەکەشی دەربکێشی
کە ئاوری دایەوە بینی
بە هەزاران
دار بەڕووی تر
تازە سەریان
لە خاك دەرهێناوە
بە رووی خۆر
پێ دەکەنن مژدەی
ئازاد بوون و گەورە بوونیان
پێیە .

هەولێر ١٩٧٩ بەندیخانەی
فاشیەکان

## نیگار شیرین

(۱)

قیبلەی هیوام
نیگار شیرین
چۆن دڵت دێ
شار بەدەرم کەی
سنووری خوشەویستیت
لێم دا بخەی

(۲)

بە ساکاری
سنووری وولاتی عیشقم بڕی
هاتمە دنیای خوشەویستیت
کەچی ئێستا
خۆزگەکانم
هەرەشەی مەرگیان لێ دەکری
لە ژێر چەقۆی
رۆژگار
دەناڵیت
ئاسمانی دەروونم
ئالآی رەشی
هەڵکردووە
سینەم
بێشکەیە ..بێشکەی ئازارە
ووشەکانی

هونراوەم ژانی لێ دەتکی
کاروانی شادیم
ڕێی پێ دەگیری
تەنیا وێنەی
تۆیە
هەلواسراوە لە
تابلوی خەیالم

**هەولێر / ١٩٨٢**

---

**پرسە**

لە گورەپانێکی شاری
قودس
ڕێبوارێکی
ماندو یان هەلواسی تەنها
خوزگەکانی ئەوم بینی
لە وولاتێکی
بێگانەدا
پرسەیان بۆ بەست
تەنها چاوی
چەوساوەکانیش فرمێسکیان
بە کول
بۆ رشت ٠

**فەلوجە ١٩٨٢**

## ورده‌ زان

تاكه‌ى
ئاره‌زووه‌كانم له‌ يه‌كا بخنكێن
خوزگه‌كانم
به‌سه‌ريه‌كا بترشێن
ئازيزم
خه‌ريكه‌ ورده‌ زان هيواى
چه‌ند ساڵه‌ى ژين هه‌ڵده‌لووشى
ناڵه‌ ناڵم
خامووشى شه‌و ده‌شێوێنێ
هه‌ر له‌ زووه‌وه‌ هه‌ستم كرد
خه‌م سه‌ره‌تايكم له‌گه‌ڵ ده‌كا
باش ده‌مزانى
پاشه‌ رۆژم
له‌ ته‌نيايى
ماره‌ ده‌كرێ

هه‌ولێر ١٩٨٠

## تابلۆ

لەوەتی من بە بیرم دی
دوورگەی
دلەکەم هەر کێلگەی خەمە
دەمی زامی ئەمەنم هەر
ئاوالدیە
تابلوی شادی
قەدەغە کراوە بە بالای
ئەمەنم
هەلواسری

مەخمور ۱۹۸۰

---

## کۆچ

**پێشکەشە بە کۆچی دوایی باوکــــــی بەریزوگەورەم ( مەلاخدر حوسین )**

**نەوروز بوو**
**روژیکی پیروز بوو**
**کور دەواری هیشتا**
**نەوروزیان میوان بوو**

چیاکانی کوردستان
تاسەیان نەشکابوو
سنگو مەمکیان دەستی
نەورۆزی بەسەرەوە مابوو
شەنەی زمانت
خەرمانی ووشەکانت شەنە دەکردو
بە پەنجەی عەشقیش
پشت ملی دەنکەتەزبیحێکت دەگرت و
ئاوات دەکرد
بەلام
لە ناکاو شەنەی زمان شکا
مردن
لیمی داگیر کردی
نەورۆز بوو
رۆژیکی پیرۆز بوو
هیشتا نەورۆز دەمی
لەناو دەمی کوردستان دەرنەهینا بوو
ریگایان
بە کاروانی هەناسەت گرت و
مەرگیش
دەرگای سییەکانتی پیوەدا
ئەلقەی مردن
لە پەنجەی تەمەنت کرا
ژیانت ئەژنوی شل بوو
بالای تەمەنت کەوت

پێڵوی چاوەکانت
چونە باوەشی یەکترەوە
ووشە بارگەی پێچایەوە
ووڵاتی
قسەو گفتوگۆی تۆی بەجێ هێشت
نەورۆز بوو
رۆژێکی پیرۆز بوو
بارگەت پێچایەوە
ووشەی باوە..باوە
لە ئەرشیفی سۆزو هەستم
رەش کرایەوە.
بەسەر شانی چوار خەم
تەرمەکەتیان بەرەو ماڵی یەکجارەکی
برد
ئای
کە جارێکی تر ناتبینمەوە
کێ هەیە چاوی خەمەکانم
بکولی
ئەندیشەم هەلواسی
هەموو جارێ
لە تاو ئازار
ناڵە ناڵت
بۆن کروزی لێ دەهات
بەناچاری دەنگـت

هەڵدە بــڕی
لاوکێکت ئازاد دەکردوو
هەتاوێنــــــە
هەڵواسراوەکەی قـــەد
دیواری ژوورەکەم
دەهاتە گــــریان
پەرتووکەکانی کتێبخانەکـــەم
گوێچکەیان بۆ شل دەکرد



بەبۆنەی ئازاد کردنی شاری هەولێـــــر

پیرۆز بێ لێت
پیرۆز بێ لێم
نۆسەدو پەنجا ساڵ دەبێ
جلی رەشت
لەبەردایە
تێنوی سەربەستیو ئازادی

هەنگاوەکانت سندم کراوە
بەڵام رۆڵە چاونەترسەکانت
لە پڕ
بەیەك گرتن
کلیلیان دروست کرد
دەرگای بەندیخانەی
سەدو پەنجا سالەیان کردەوە
کراسی دیلیان لەبەرت داکەندوو
زەردو سوریان لە قەدو بالا هەلکیشا
دەست و پەنجەتیان بە خوێنی
دوژمن
خەناوی کرد
دلدارەکان
کارتی پیرۆزباییان بۆت نارد
قەرەچوغم بینی گولە
گەنمی قەراجی
لە سەر شان بوو
پێم ووت ئەری بەسالاچوو
بۆ کوێ ئوغر دەکەی
ووتی دیاریم پێیەو
پیرۆزبایی لە هەولێر دەکەم
قەندیلیشم بینی
توێلە بەفری
لەسەر سەری هەلگرتبوو ریگای
تەی دەکرد

که لێم پرسی ووتی
بەفری ئەم کوێستانەم پێیەو
ئەمرۆ شەربەتی ئازادی دەخۆینەوە

ئاداری ١٩٩١

## بالندەکان کۆچیان کرد

دەلاڵەکان رایان گەیاند
بریار دراوە
میراوەکان
ئاوی جۆگەکان ببرن
کەسیش دانەوێلە
روونەکاتە شەقامو کولاّن
تا بالندەکان
برسیو تینوویان بێ
ئەم شارە بەجێ دەهێلن
وایان کردو
بۆیان چووەسەر
مێشك
ئاودراوەکانی ئەم شارە
لێکیان دەپرسی ئاخۆکەی

جارێکی تر
بالندەکان
بەسەر تەلی ئاواتماندا
دەنیشنەوە
سرووودی
ئازادی دەڵێنەوە
منداڵەکانیش دەیانپرسی
ئەرێ کوانێ بۆچی ؟
بالندەکان
دیار نین ؟
گەورەکانیش دەیانووت
ڕۆڵەکانمان بەم زووانە
دێنەوە
دێنەوە ٠

**ئەم هۆنراوەیە بەبۆنەی ئەنفالە بەدناوەکـــــــــە ووتراوە (١٩٨٩) هەولێـــــــر**

## هیوا

هیوام هێشتا
چاوی
بەپوشکوتوو بوو
خەمت بەر دایە گیانی
هیواشم
فێرە گریان بوو
پەنجەت هەڵ شەقاند
بۆ.... بۆ نەمانی

## خاك

هەر بستە خاکێك
لەم کوردستانە
وا دەنگی منی
لێ هەلواسراوە
هەر پەنا بەر دێك
لەم نیشتمانە
خوێنی منی
لێ رژاوە

## ئاگــــر

دووری تۆ ئاگرێکه
گیانم دەسوتێنێ
شورشێکه
قەلای بەختم دەروخێنێ

## خۆر

کالەی ئاسن پینه دەکەم
چونکه هێشتا ژێر دەستم
هەنگاو دەنێم
بەرەو ئاسۆ
رزگاری دەکەم
خۆری مەبەستم

## کوردستان

دەیانەوێ
بم بڕنەوە
ناوم لە مێژوو بسڕنەوە
نەکیمیا
نەتۆپ باران
نام وەستێنێ لە تێکۆشان
خۆ کوردستانە وولاتی من
بێ ووچانە خەباتی من

## دەریـــا

جۆگەلەیەکی چاو بە گریانم
هەر دەریایە من
قوت دەدا
سەربەخۆیم پێ نابەخشی

## رەشەبا

شۆرە بی‌یەکانی
ئەم کوردستانە
یەکیان گرت
چوون بە گژ رەشەبا!!
بریاریان داوە
جارێکی تر کرنۆشی بۆ نەبەن

## پی خور

کێ دەزانی
دلی من چ خەمی تیایە؟
ئەی لەکەیەوە
بویمە پی‌خوری ژانی دنیایە

## شیوەن

شیوەنیکم پی‌یە
دەروم هەتا نەیگورمەوە نایەمەوە
لە بازاری تیکوشاندا
سەودا دەکەم
لە جیی ئەو
شادی دەهینمەوە

## ئاوات

بی ئاگا بووم
نوقرچەی خوشەویستی تو
رای چلەکاندم
بی‌وەفایەکەت
تەلی ئاواتی پساندم

سەرەتای سالی ١٩٨٠

## پرسیارەکان

دوێنێ بیستم
لە شاری خەم
پرسیارەکان رژاونەتە
سەرشەقامو شوستەکانی
شارەکەدا
کە گوایەمانیان گرتووە
داوای
ئازادکردنی وەڵامەکانیان دەکەن
کە بە هەزاران ساڵ دەبێ
لە قەفەسی دیلی دەناڵێنن
دەناڵێنن .

مەخمور ١٩٨٠

## گەردەلولی مەرگ

ئەوە جاریکی تریش
سەرت لە سەر رانی
غەریبی دانا شیرینم
ئەگەر رزگارمان بی
لە دەست گەردەلوولی مەرگ
جاریکی تریش
دەفتەری یادگاریمان
لە سەر میزی ژیان
والا دەکەینەوە
نووکی تیژی خەم
پان دەکەینەوە
کە لە لەشی هەردووکمان کەوتوتە
کاری زوردارانە
هەتا ئەمجارەش
دەگەریتەوە لەسەر
شانوی بیزاریما
چاوەریتم
چاوەکانم
لە گومی خوین مەلەیانە

شەپولی خەم
چەندان کەنارم پی دەکا
دووریت
جیگای ژوان ریك دەخا لە چاوەکانم بو
خەم•••خە•••م
دەپیم بلی
کەی دیتەوە
کەی•••دیتەوە

هەولیر ١٩٨١

## بەرپەرچ دانەوە

ئەو ساتەی دەمویست
لە تەلانی سەرکەوم
سی چەکدارم تووش هات
پاش ئەوەی خوم پی ناساند
دەیانوویست لە ناوم بەرن
بەلام لە شان و باهوی خوم
رادی

بەرپەرچیکی شیرانەیان بدەمەوە
کە سەیرم کرد
ئەش دەستم لی رواوە
هەردوو دەستم
ئاراستەی یەکیکیان کردو
یەك بو چەك ، یەك بو پینووس
ئەش چاوی نەترسم
پی درا بوو
هەردوو چاوی بو یەکیکیان
تەرخانم کرد
لە هەلسوکەوتیان شارەزا بوو
کە سەیریشم کرد
هەردوو پیم
ببوە یەك پیی گەورە
لە ناخی زەویدا رەگی
داکوتابوو
چەندان رەشەبای شوم هات و
هەرگیز
نەیتوانی یەك بست بەرەو
خوارم ببات

هەولیر ١٩٨٤

# دارەتوو

هەموو لایەک بەهیوابووین
ئەم ساڵ
دارەتووکەی سەرڕێگا
بەرمان بکا
کاتێ ئێمە بێ ئاگابووین
دەنگێ هاتپێی ڕاگەیاندین
ئەم جارەش
بەبرسیەتی سەر دەنێتەوە
بەوەی دارەتوو موڵکبەکرا
لەگەڵ
کوژاڵکی تاڵ

دەمژی لیوی پر ئاوو ئـال
دەرچوە لەدونیای خەیــــال
شەوی وەها چەند خوشــە
شەوی شاعیــر و خاموشــە

تەغـــــەدە ١٩٩١

---

## پەیـــــام

تو هونراوەیەکـــــی تازەی
ئەم شەو چاوی هەلدینــــــی
خوشەویستیت پەیامیکـــە
سوزو هەستم دەهەژینــــــی
کەی کراسی ئازادیت بو دی
نوزەی هەتیو دەم سوتینــــی
سواری پشتی ریگا دەبــــم
ریگاکەش بەختم بو دینــــی

* * * * هەولیــر ١٩٨٨

## سەرنج

هەر شوخی من دەیبینم سەرنجم رادەکیشی
خوزگەم بەدوای ویلە هەر ئاخی بو هەل دەکیشی
دەلیم ئاخو کام پەنجە بویتە شانەی پەرچەمی
یاخو کام لیوە تیرە لەماچی نیو دەمی
ئینجا من خوزگە دەخوازم بەجوتەی ئەم شوخە
خوشەویستی دەخوینیتەوە لەم چاوە جوانە توخە
تاوون دەبی لەچاو دەبیتە بوکی رازاوەم
کەونیش بوو لە چاوم دیتە خەونی ئەو شەوەم

* * ۱۹۹۰/ هەولیر

## شەوی شاعیـــــر

لە شەوانـــــی بـــی دەنگـــــی
کە دەرمانە بو دل تەنگــــــــی
دیمەدەری بە ئاسپایــــــی
دەرژینم ئەشکـــی تەنیایـــــــــی
لەژیر ئەم مانگـــە رووناکـــە
ئارامی دلی خەمناکـــە
دەهونمــەوە شیعریکی تـــەر
دەردەبرم ئاهو کەســـەر
شوخی نی‌یە بلـــی بخـــەوە
چیت داوە لەو مانگە شـــەوە
تا بەرەو ئەو دەنگە بچـــم
کەتامەز روی یەك دووماچـــم
ئاخو ئیستا چەند وەکو مـــن
کەوتونەتە ناوخەمـــی بی بـــن
یا چەند لاوی قوزو جوان جـــوان
لەژیر رەشمالی ئاسمان

## * روژگــــــار *

لەگەل   ئەم روژگارە لەمــل ملانــــــی دام
روژگار چەند غەدارە منیش تاك و تەنیـــام
چی بکەم ثوشی دەر دیکی بی دەرمان بویمـــــە
بویە ئیستا بی سەرو شوین و بــی جیگـــام
خوزگەکانم  روناکیان نەدیوە هیشتــــا
نازانم بوکی بەرم هاوارو پەیــــام
کەسیك نەبوو لەدەرگای تەنیایـــی مـــن بدا
کەدەبینــن لەگەل خەمیکی کون ئاشنـــام
روژگار دەستی لەبەروکـــم نابیتـــەوە
ئەسپی تی کوشانم  تاو دەدەم بی ئاكـــام

*　　*　　*　　*　　*

١٩٩٣/١٠/٢٤

## ئەم بەرهەمانەش ئامـــادەن بۆچاپ

١ ـ چەرخی گورگەکان « رۆمان »

٢ ـ ئاوانی بار « رۆمان »

٣ ـ خەمە کالم دەگێڕمەوە « کورتە « چیرۆك »

٤ ـ فرمێسکی خاك « شیعر »